# دۆخی یەك لیست و سەرنج لە فرەحیزبیەکی پاسیڤ!؟

ئاسۆ عەبدوللەتیف

**لە** عوبەیدووللای نەهری و شێخ سەعیدی پیران و سمکۆی شکاك و مەلیك مەحمود و مستەفا بارزانی و قازی محمدی چوارچرا تائێستای شۆرش کە بەداخەوە هەن پێیان وایە شۆرش کۆتایی پێ هاتوە ئێمە وەکو کورد سەرگەردان و هەلۆەدای سنورێکی جوگراڤ و قەوارەیەکی دان پیانراوین، لە زۆرێك لەو قۆناغانەدا هەلی زێرینمان بۆ هەلکەوتوە لێ نەمانتوانیوە بیقۆزینەوە و دواجار بە خستنەوەی کۆمەلێك قوربانی سارديان کردوینەتەوە، لێرەدا لە بەردەم دۆخی یەك لیستدا ناچارین بە قسە بێین نەك لە بەرانبەر یەکێتی و پارتیدا کە بە تەواوی مانا ئاراستەکانی دیموکراسیەت و چەمکی هەلبژانی حەقیقیان گۆری و ئەزانن زۆر بەجوانی گەمەکانی خۆیان تەواو بکەن و دەستکەوتەکانی خۆشیان بماشنەوەو خزمەت بە ئایدیاو حیزبەکانی خۆیان بکەن، لۆژیکی یەکگرتن و یەك لیست بەرانبەر بە بەرەیەکی شۆڤێنی عەرەب نەك پیرۆزە بەلکو ئەرکێکی نیشتیمانی و نەتەوەیشە بۆ ئایندەی خۆمان، لە هەر وولاتێکی دیموکراسیدا مەسەلەی ئیئتیلاف و کوالیستۆن هەبوەو هەیە بۆ ئامانجێکی دیموکراسیدا بۆ ئامانجێکی دیاریکراو لەکاتێکدا ئۆپۆزسیۆنێکی چالاك و جدیش ئامادەی هەیەو دەیان چاوی رەقیب و سەرسەختانەی رەخنەگرانەی هەیە، کەچی لای ئێمە یەك لیست مانای پێچانەوەی هەلۆیستی ئەحزابی کوردی و سرینەوەی گیانی ئۆپۆزسیۆنگەری لێرەوە قسە لەسەر ئەو حیزبە ووردانەن کە خۆشیان نازانن بە چ ستراتیج و لە سەر کام رێبازی حیزبی مامەلە ئەکەن و چاوەروانی چین و گوتاریان چیە و بۆچی نابنە ئۆپۆزسیۆن؟ کەرکوك و ناوچە تازە ئازادکراوەکان وەکو پێویست کورد تیایدا ناتوانێت ئازادبێت، هێشتا تەعریب و هاوردن وبردن هەیەو خاوەندارێتی ئەم شارە خوێنی تر داوا ئەکات هەرچەندە ئەمەش راستەوخۆ پەیوەستە بەو شەرمە سیاسی و گوتارە لاوازەی دنیای ئێمە بەرانبەر بە ئەویتر بە عەرەب بە تورك بە ئەمریکا کە نەمانتوانیوەو زمانمان گۆی نەکردوە ناخی وێرانەی خۆمان کەشف بکەین و ئەوەندەی بەزمانی بێرەحمی تەشریفاتی و گیانی خانەخوێیی کوردانەوە رەفتارمان کردوە ئەوەندە نەهاتوین بە زمانی دیکۆمێنت و لۆژیك قسان بکەین، نەمانتوانیوە بیلێین جاك سترۆی وەزیری دەرڤەی بەریتانیای عوزما بۆ لای یەکێتی و پارتی نەك بۆ لای کورد!چ ئاماژەیەکی لەگەل خۆی هێنا؟چوونی وەزیرێکی کورد بۆ شەرەمی شێخ چی بۆ کورد پێبوو جگە لە عێراقیبوون و توانەوە لە بۆتەی ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا؟ ئەی غازی یاوەری سەرەك کۆمار کە چوە لای جۆرج بۆش لەم رۆژانەدا باسی مەینەتیەکانیی کوردو ئاساییبونەوەی دۆخی کەرکوك و سەربرینەکانی لاوانی کورد و بێ ناسنامەیی گەلێکی کرد؟ دوو ملیۆن ئیمزای ریفراندۆم توانی کام گۆم بشلەقێنێ ؟ چی کرد بۆ کورد و دۆزەکەی، باشە ئەگەر وولات دیموکراسیەت وپلورالیزم و فیدرالی ئیتنی و جوگراف ئەوێت و دەستوری کاتیش بریاری لە سەردابێت ئەی بۆ ناکرێت؟ بۆ ئەبێت بەردەوام ئێمە چاوەروانی سندوق و دەنگ بکەین و بگەرێینەوە بۆ سێنترالێکی مەرکەزی بەغداد؟

یەکێتی وپارتی خۆیان سیناریستی ئەم دۆخ و واقیعەن و پرسی یەك لیست بوونی حیزبیانەی کوردیش بۆ هەڵبژاردن جگە لە ئیمتیازە زۆرەکانی بۆ حیزبی دەسەڵاتدار تا ئەو رادەیە دڵمان پێ خۆشە کە شەری ناوخۆ دەست پێ ناکاتەوەو خوێن نارژێت، ئەگەرچی ئیحتیواکردنی ئەو رقە سیستماتیزەکراوە پەنگ خواردوەی حیزبی کوردی بە یەك لیست تیمار ناکرێت گەر بریاری هەڵوەشانەوەی خودی ئەو رقە نەدرێت کە حیزب خۆی بەرهەمی ئەهێنێت، بەڵام ئایا ئێمە بۆچی دەنگی ناڕەزایی ئەو هەموو خەڵکەمان نەخستە سەرمێزو ئەجێندای ئەمریکیەکانەوە لە کاتی ریفراندۆمدا؟ وە کوا دەرەنجامە پۆزەتیڤەکانی ئیمزاکان ؟ کە کۆڵن پاوڵ و غازی یاوەر هاتنە هەڵەبجە چیان بریارداو کام رێککەوتننامە ئیمزاکرا بۆ دۆزی کورد جگە لەوەی یەکێتی وپارتی کردیانە چالاکی سیاسی خۆیان، هاتنی جاك سترۆ بۆ سلێمانی و هەولێر جگە لەوەی بۆ گوێگرتن بوو لەو نەغمە ئاڵۆزەی شەقامی کوردی بۆ کەرکوك و نەهێشتنی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردیی چی تربوو، ئێمە چ پەیامێکی بزوێنەرو توندمان دا بەگوێی سترۆکاندا؟ ئەمانە هەموو رەنگە رەهەندێکی نێودەوڵەتی و دەرەکیان هەبێ و پاساو مان ئەوەبێت کە قودرەتی ئەو جۆرە یاری و دبلۆماسیەتانەمان نەبێت، ئەی لە سەر ئاستی ناوخۆ و ناوماڵی کورد ئایا حیزبی تر ئەمرۆ لە گۆرەپانەکەدا نەبوو یەکێتی و پارتی نەبێت تا نەخێرێك بداو پرۆژەی خۆی رابگەیەنێت کە ئامادەنیە بچێتە مەتەرێزی یەك لیست بوونەوە، بۆچی ئەو حیزبانە بەردەوام دەیانەوێت لە سێبەری یەکێتی و پارتیدابن و نایانەوێت یان ناتوانن چانسی خۆیان تاقی بکەنەوە لە بەردەم مەحەکی دەنگدەرانی کوردا؟ ئەم دۆخ و ئەتمۆسفیرەی حیزبی بچوکی کوردی ئایا بار نیە بەسەر جەستەی شەکەتی کوردەوە؟ ئایا گاڵتەکردن نییە بە زاراوەو کۆنسێپتی فرەحیزبی و پلورالیزم، ئەگەر ئەوەندە نزیکن لە حیزبی دەسەڵاتدارەوە ئەی بۆچی تێکەڵاویان نابنەوە و لە جیاتی داواکردن بۆ کورسیەك ودوان و میزانیەی مانگانە راستەوخۆ بچنە فراکسیۆنەکانیانەوە تا چیتر خەڵکیش لە وەهمی فرەحیزبیەکی مناڵانەدا تەفرە نەخوات ؟ ئایا پرسیارتان کرد بۆهەموو کەناڵە بازرگانی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و مەحافیلە سیاسیەکانیش تا ئاستی کۆمپانیاکانی مۆبایلیش بە پەرلەمانیشەوە دەبێت بەش بکرێت بۆ دو بلۆك، دوو سیاسەت و دوو حیزب و تەنانەت دوو کەرکوکیش؟ ئاسمان کەچ ئەبوو حیزبێك نارەزاییناەیەکی جەسوورانەو پرۆژەیەکی نیشتیمانیان پێشکەش بکردایەو کۆی ئەو هەموو دیدو تێروانینانەی کوردیان بخستایەتەروو، کەواتە ئەبێ باوەر بەوە بهێنین کە ئێمە لە کوردستان ئەوەتاین لەناو دۆخێکی قەدەریی سیاسی ناعەقلانی وادا کە گۆرینی ئاراستەی کەشتیەکە لەدەستی خۆماندا نیە و توانای بینینی بچوکترین روبەری تاریکیشمان نیە کە لە پێشمانەوەیە.